## باندە مافییاکان لە کوردستاندا . ... ئازاد هەمەوەندی

لەو کاتەوە کە تاڵەبانی بۆتە سوڵتانی دەوڵەتی دارماوی ئێراق، تاڵەبانی بەهەموو توانایەکیەوە لەکنەی پینەکردن و پێکەوەلکانی ئەم دەوڵەتە ئینگلیز کردە دایە، تاڵەبانی ئەوەندەی کە لە هەوڵی یەکایەتی خاکی ئێراق و مەترسی پارچەبوونیدایە، هێندەی سەرەبرِشتێکی ئەو هەولإنە لە پێناوی خەباتی گەلی کوردستاندا بوایە دەمێک بوو گەلی کورد وەکو هەموو گەلانی دی بە لایەنی کەمەوە بە مافە مرۆڤایەتیەکان و نەتەوەییەکانی شاد دەبوو .
بەلإم سەدان جار و هەزاران جار مەخابن، کە ئێمەی کورد توشمان بووە بە توشی سەرکردایەتیەکی نانیشتیمانی و سازشکارەوە، سازش لەسەر بەرژەوەندی گەل و خاکی نیشتیمان. ئەوەتا سەرکردایەتی چەندان جار تێکشکاو و گلاوی کورد، مانگی رابرد و بەسەرۆکایەتی بارزانی (سەرۆکی هەرێمی بادینان) و شاندێکی یاوەری کە پێکهاتبوون لە نونەرانی (ی. ن و پ. د و کۆمەڵێک خەلکی دابەستەی ئەو دوو رێخراوە) بۆ ماوەی چەند هەفتەیەک لە دانووساندنەکانیان لەگەڵ لایەنە شیعەو سونیەکاندا، جارێکی تر لە ژێر ناوی دارشتنەوەی دەستوور و ئێراقی نوێدا ئەیانەوێت کورد بە دەوڵەتی ئێراقی ئەنفالەوە بلکێننەوە و ئەو دەستوورە کە بە دەستی دوژمنانی کورد و رەگەزپەرستانی عەرەب نوسراوەتەوە، ئەمجارە بەناوی دیموکراتی و راپرسیەوە گەلی کورد و خاکەکەی لە ئێراقی زوڵم و زۆر مارەبکەنەوە.
جاران گەلی کورد ئەو بیانوەیەی هەبوو ئەیوت لە دروستکردنی دەوڵەتی ئێراقدا پرس بە گەلی کورد نەکراوە، کوردو خاکی کوردستان بەبێ ئاگاداری و راپرسی بە ئێراقەوە لکێنراوە، بەلإم ئەدی ئێستا چ بیانوویە هەیە بۆ ئەوەی کە کورد وەک گەلێک لە پێناوی ئازادیدا خەباتبکات. ؟ ئەگەر بێت و لە راپرسیدا ئەو هەڵە گەورەیە بکات و دەنگ بە (ئەرێ) بۆ بەکۆیلەکردن و خاکداگیرکردن و بێمافی خۆی بدات. ؟ ئەمرۆ ئەرکی یەکەمین دەکەوێتە سەر رۆشنبیرانی کورد کە گەل لەو پیلانە گلإوەی (حیلفی بەغدا) ئاگادار بکەنەوە گەلی کورد نابێت لە راپرسیدا دەنگ بۆ رەشنوسی دەستوری ئێراق بدات (کەلەراستیدا ئەوە رەشنووسە هیچی تر) کە کورد بکاتە کۆیلە و داگیرکرا و هەموو خواست و مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد بە هەڵواسراوی و بمێنێتەوە. ئەوە دەستوری کۆیلەیەتی و خۆکوشتنە. ئەو دەستورەی کە سەرانی کورد باسی لێوە دەکەن وەک سەرۆکی هەرێم بارزانی زووزوو دەڵێت (هەموو مافەکانی کوردی تێدانییە بەلإم بۆ ئەم قۆناغە باشە. ) ئەی سەرانی بەرەی کوردستانی پێشو و هەر ئێوە و ئەو تاقم دەستەیە نەبوون بە دکتۆر مەحمود عوسمانیشەوە لە بەهاری1991 دا خۆتان گەیاندە بەغدا و گەلی کوردیش بە شاخەوە، ئێوەی سەرکردەی بەناوکوردیش لە کۆشکەکانی سەداما سەدامتان لە ئامێزئەگرت و بەدەموچاویدا رائەموسان ئەی دوای ئەو ماچانە چیتان بەسەر کورد هانی؟، گەلی کورد گەیشتە هەوارگەی خۆی؟ ئەنجامی ئەو ماچانە و بەناو گفتوگۆیانەتان ئەودەمەش رزگارکردنی دەوڵەتی ئێراق بوو لە پارچەپارچەکردن و سەدام و رژێمەکەیتان لە نەمان رزگارکرد. بۆ کوردی داگیرکراویش شەرِی ناوخۆی و لەشکری داگیرکەران هانی و و دەستانگرتن بەسەر سامان و سەروەتی کوردستان و ئاوارەکردن و دەربەدەکردنی بەهەزاران رۆڵە و رۆشنبیر و کادێری کورد بۆ ئەوروپا و ولإتانی دی. ئیتر گەلی کورد و رۆشنبیرانی کورد چۆن ئەتوانن بروّاتان پێبکەن. ئەوەتا تاڵەبانی بەهەموو هێزێکی دەقیرِێنێ و ئەڵێت (دروستبوونی دەوڵەتی کوردی خەیاڵ و قسەی شاعیرانەیە) . لەگەڵ رۆژنامەی حوریەی تورکدا ئەڵێت (بە تەمایە خانوویەک لە ئەستەمبوڵ بکرِێت، چونکە زۆر حەزی لەو شارەیە. دەیەوێت بیرەوەریەکانی لەوێندەرێ بنوسێتەوە. دوایی خۆبەخۆ بۆ رازیکردنی دڵی تورک بەبێ هیچ هۆیەک دێتە سەر باسی (پ. ک. ک) دئەڵێت (ئەوان زۆرجار ویستویانە کە لەگەڵیان دانیشم بەلإم مەرجی دانیشتنی من لەگەڵیاندا دەبێت واز لە چەک بهێنن) سەیرە، لەلایەک تاڵەبانی خۆی بە هاونیشتیمانی ئێراق دەزانێ و لەلایەکی تریشەوە دەوڵەتی ئێراق داواکارە کە هیچ ولإتێک

دەسنەخەنە کاروباری ئێراق و ئێراقیش دەسوەرنەدات لەکاروباری ناوخۆی ولإتانی دەورووپشت، کەچی تاڵەبانی هەروەک سیاسەتی هەمیشەیی دژی کورد قسەی ژەهراوی دەکات و خۆی لە کاروباری ناو تورکیا هەڵئەقورتێنێ. ئاخر بەپێی بیروباوەری تورک و تاڵەبانیش ئەو کێشەیە کە لە توکیادا هەیە کێشەی ناوخۆی تورکیایە، ئیتر تاڵەبانی بەچ مافێک خۆی تێکەلاوی کێشەی ناوخۆی ولاتێکی ترئەکات؟. تاڵەبانی 25 ملیۆن کوردی داگیرکراو بە تێرۆریست ئەزانێ. نەسیحەتی ئەوەیان دەکات کە وەکو خۆی بێکەسایەتی و پیاوی هەموو دەرودوژێک بن. ئەی بۆچی رۆژێک لە تاڵەبانیمان نەبیست باسی ئەو ولإت و گروپە تێرۆرانەی وەک سوریا و ئەردەن و سعودیە بکات و خۆی لە کاروباری ناوخۆی ئەو ولإتانە هەڵقورتێنێ؟. بەڵێ تاڵەبانی ئەمە یەکەمجاری نیە، کە دژی کوردی پارچەکانی تر قسەی ژەهراوی دەکات، بەڵێ هەر تاڵەبانی بوو لە چاوپێکەوتنێکی تری لەگەڵ رۆژنامەی حوریەی تورکیدا وتی (ئەگەر ئێراق ئەوەندەی تورکیا دیموکراتی بوایە، ئێمە داوای ئۆتۆنۆمیشمان نەئەکرد. ) هەرتاڵەبانی بوو بە کوردی رۆژهەلاتی کوردستانی ئەووت (واز لە شەڕی چەکداری بێنن، ئەوەی ئێوە لە ساڵێکدا پاسدار دەکوژن، بە سەیارە وەرگەڕان دە ئەوەندە ئەمرێ) ئەوە بیری سەرکردەیەکی کورد بێت دەبێت چاوەڕوانی چی لێبکرێت. ؟ ئەو بەندە موخلیسە ئەوەندە حەزی لە تورکیا و ئەستەنبوڵە (ئەگەر بێتو ئەستەمبوڵ کچێک بوایە تاڵەبانی وەکو سەرەکانی تری چەنژنە یەک و دووی لێنەئەکرد و ئەیکردە کەیبانۆی یەکێک لە کۆشکەکانی سەدامی ئەلمەرحوم و هەوێی هێرۆخان. تاڵەبانی نایەوێت ئیمزا بۆ لەسێدارەدانی سەدام بکات بەلام تاڵەبانی ئەمری کوشتنی دەیان رۆڵەی کوردی دەرکرد. تاڵەبانی بە مێشکە ژەنگرتوە خەرەفاویەکەیەوە و بە زمانە بەدەکەیەوە تاهەنووکەش نەگبەتی بوە بۆ کورد. تاڵەبانی و بارزانی ئەوەندەی خۆیان بە رەشنووسی کۆکوژی کوردەوە خەریک کردووە، با خەریکی ئەوە بن گوزەرانی خەڵی ستەمدیدەی کوردستان چاک بکەن. با گەلی کوردستان بە شتی بێماناوە خەریک نەکەن و بەناوی باندی تێرۆریستەوە کورد نەخلافێنن، باندە مافیەکانی هەر دوو ئێدارەکەی هەولێر و سلێمانی، ئەوانە باندی تێرۆر و دزی و فەسادن، عومەر فەتاحی سەرۆکی باند لەگەڵ هاوسەرە مافیاکەیدا کوردستانیان تالإن کرد و هەموویان کرد بە سەفتە دۆلار و کیلۆ زێڕو رەوانەی زاوا و کچەکەی کە بە زەمالەی فروفێڵ رەوانەی ئوستالیان کراون کرد. کێ هەیە حاکمی سەرەک مافیا و مەلاک کابرایەک بەناوی (حاکم قادر) دزە لە سلێمانی نەناسێت و داگیرکردنی بەسەدان پارچەزەوی خەڵکی دەستبەسەراگرتوە. کێ هەیە ملازم عومەر و باندەکانی تر لە سلێمانی و هەولێر نەناسێت؟ لە هەولێری مزگەوت و منارەکەی پارتیدا، وەزارەتخانەکان بونەتە جێگای فەساد و بەدەیان سەرکردە و باندی مافیایان دروستکردوە، یەکێک لەو باندنە باندی کەریم سنجاری وەزیری ناوخۆی پارتیە. ئەمەو بەسەدان مافیای تروەکو باندی سەرۆ قادر و خوا بیپارێزێ سەرۆکی حوکومەت. لە پەرلەمانە کەشدا (پەرلەمانی گەڵ) کەس و کار و منالانی شەهیدان (نوێنەری گەڵن) وەکو کوڕی رەسوڵمامەند و کچی شێخ شەهاب لەگەڵ رێزم بۆ هەموو شەهیدێکی ئابرووەمەنی کوردستان بەلإم بۆ منالإنی ئەوان ببنە (نوێنەری گەڵ) ؟ لە بەغای پایتەختی تێرۆریش نەرمینخانی ژنی شێخ و تولفی فوئاد مەعسوم چەندان ژنەسەرکردەو بێچوە سەرکردەی ئەنفال نوێنەرمانن!!! .

هاتنی سەرۆکی هەرێمی بادینان بۆ سلەیمانی هەواڵەکان ئەوەرادەگەیەنن کە بۆ مەژغولکردنی خەڵکی کوردستانە پێش دەنگدان بۆ رەشنووسی دەستوری کۆیلەیەتی کورد و بۆ رزگارکردنی دەوڵەتی ئێراقە لە پارچە بوون. پارتی و یەکێتی بە تەنسیق لەگەڵ دەوڵەتی توکیا و ئێران و سوریا دەیانەوێت هێرشێکی سەربازی بکەنە سەر بنکەکانی کۆنگرەی گەل و هەر بە هەمان دەستوری ساڵی 1992 پەلاماری کوردی باکور بدەن بەناوی پارستن لە دەسکەوتەکانی حوکمەتی هەرێم. سەرچاوەکان ئەوە رائەگەیەنن کە مەسعود بارزانی بەپەلە سەردانی سلێمانی کرد و سەرانی ی. ن لەو تەنسیقەیان لەگەڵ تورکیا لێ ئاگادارکردون. رابردو و داهاتوی پیلانی سەرانی کوردی باشور، گومان لە ئەگەری شەڕێکی دژی کوردی پارچەکانی تردا ناهێڵنەوە .

) نەرێ) بۆ دەنگدانی بەکۆیلەکردنی کورد .

دەنگنەدان بە رەشنوسی دەستوری تازەی داگیرکردن زامنی هەڵوەشانی دەوڵەتی ئەنفالی ئێراقە. دەنگنەدان کۆتایی هاتنە بە سەرانی مافیاو باندەمافیاکانی کوردستان. دەنگنەدان بە دەستوری کۆنەپەرستی بەدەستهێنانی مافەکانی خەڵکی کوردستانە بە ئاو و کارەباشەوە. دەنگنەدان بە رەشنوس دەنگدانە بە ئازادی ژن و مافی یەکسانی. دەنگنەدان بە پیلانی حیلفی بەغا دەنگدانە بۆ باشتر ژیانی منالان و رێزگرتنە لە مافی هەموو هاولاتیەک. دەنگنەدان بە رەشنووسی ساختەکاری دەنگدانە بە ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان .
دەنگدان بە دەستوری حلفی بەغای شەڕانی خیانەتە بەگەل و نیشتیمان و سروشت و هەموو بەها مرۆڤایەتیەکان. دەنگدان بە رەشنووس دەنگدانە بە باندە مافیاکان دەنگدانە بۆ دەستدرێژیکردنە سەر ژن و منالّ و رێز نەگرتن لە شەهیدانی کوردستان .